ئاربیلوا: کیلیان مباپە باشترین یاریزانی جیهانە

ئاربیلوا جەختیکردەوە شایستەی بردنەوە بوونە و مباپە بە هەمان ریتمی کریستیانۆ رۆنالدۆدا دەڕوات.

ئەلڤارۆ ئاربیلوای راهێنەری ریاڵ مەدرید دوای بردنەوەیان لە ڤالانسیا وتی: ئێمە دەمانزانی بۆ کوێ دێین، ئەگەر هەڵە نەبم لە 11 ساڵی ڕابردوودا تەنها سێ بردنەوەمان لە مێستایا هەبووە، وەک یاریزان چەندین جار هاتوومەتە مێستایا و دەزانم ئەم یاریگایە هەمیشە چ ئاڵانگارییەک دروست دەکات.

وتیشی: یاریکردن لە مێستایا هەمیشە وەک چوونە لای پزیشکی ددان وایە مەبەستم ئەوەیە پڕە لە ئازار و ناڕەحەتی، دەمانزانی یارییەکی چەند قورس و پڕ ئاڵۆزی دەبێت.

ئاماژەی بەوەشکرد، سەرکەوتنەکە بەهۆی پتەوی، پابەندبوون و ئەنجامدانی یارییەکی زۆر جدییەوە هات، پێ وایە شایستەی بردنەوە بوون پێویستیان بە دانبەخۆداگرتن بوو، ئەوەشیان ئەنجامدا.

ئاربیلوا دەشڵێت: لە ئێستادا مباپە باشترین یاریزانی جیهانە بەهۆی ئەوەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ و یاری

لە دوای یاری نیشانی دەدات، بە هەمان ریتمی کریستیانۆدا دەڕوات، ڤالڤەردیش لە هەر شوێنێکی یاریگا دایبنێیت ئاستێکی ناوازە پێشکەش دەکات.